# کوشتن و کلتور!

## نەوزاد وەلی

لەدوای تێرۆرکردنی فادیمەی کچەکورد لەلایەن باوکی خۆیەوە لە شاری ئوپسالای سوید ، گفتوگۆیەکی هێجگار بەرفراوان بەرپا بوو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سویددا و تا ڕادەیەکیش لە وڵاتانی دەوروبەر و هەندێ وڵاتی تریش.

هەزاران مرۆڤ لە سوید و دەرەوەی سوییددا نارەزایی و قێزی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەو تاوانە دڕندانەیە. چەندان وەزیر و گەورەبەرپرسی سوید بەشدارییان کرد لەم گفتوگۆ و نارەزایی و قێز دەربڕینەدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە کە سەرنجی بۆ ڕابکێشرێت ، ئەوەیە کە بەشێك لەو گفتوگۆیانە ، بابەتییانە نەبوون و کلتوری کوردیان وا پێشانئەدا کە ئازاردان و کوشتنی ئافرەت بەشێکە لێی و یەکێکە لە زاڵترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە!.

بێگومان لەم ناوەشدا فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان ، وەك تاکە دەزگایەکی دێرین و ناسراوی کوردستان و نوێنەری کورد لە سوییددا ، بەشێکی زۆری بەرکەوت لەم تاوانبارکردن و نارەزایی دەربڕینانە ، لە ڕێی فاکس و نامە و تێلێفۆنەوە و جنێودان و قسەی سوك و ناووناتۆرە!!.

هەندێك لەوانە هەڕەشەی زۆر توند بوون! بۆیە فیدراسیۆنیش ناچار بوو کە لە گەرمەی ئەو کارەساتەدا پەنا بباتە بەر لێپرسراوانی سوید و پۆلیس بۆ پاراستنی بارەگا و هەندێك لە بەرپرسانی.

بەڵێ .. ئەوەی کە فیدراسیۆن لە ماوەی بیست و یەك ساڵدا کردوویەتی لە ناساندنی کێشەی کورد و کوردستاندا بە گەلی سوید و پەنابەرانی نەتەوەکانی تر لە سوییددا ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هێڵی ڕەشی بەسەردا کێشرا ، کۆڕوکۆمەڵە ڕەگەزپەرستەکان و دوژمنانی گەلەکەشمان ڕۆڵێکی باشیان بینی لە ڕەشکردنی کلتوری گەلەکەمان و سوکایەتی کردندا.

بەڵێ .. ئەمە واقیعی تاڵی ئێمەیە لە ئەوروپا! بیست و یەك ساڵ لە خەباتی هەزاران ئەندامی فیدراسیۆن و سەدان کۆڕ و سیمینار و خۆپێشاندان و چالاکیی هەمەجۆرە شتێکە ، بەڵام مێشکپژاندنی کچەکوردێکیش شتێکی ترە و ئەتوانێت ئەو هەموو ڕەنجەی ئەو چەند ساڵە بە فیرۆ بدات و متمانەی ئەوروپاییەکان لاواز بکات بە زۆر لایەنی کێشە ڕەواکانمان.

هێشتا چلەی فادیمە نەچووە و لە دادگای شاری (یۆتێبۆری) کە دووەم گەورەشاری سویدە ، دادگاییکردنی باوك و کوڕێکی کورد لە ڕۆژی 18-2-2002 دا ڕاگەیەنرا.

ئەم (قارەمانانەش) .. باوکەکە هەڕەشەی کوشتنی لە کچەکەی کردووە و هەر وەك زۆربەی کارەساتەکانی تری لەم جۆرە ، کوڕەکەشی بەشدارییکردووە لە لێدان و چەوساندنەوەی خوشکەکەیدا کە تەمەنی حەڤدە ساڵە ، تەنانەت دەستیشی داخکردووە!!!.

باوکەکە ئەیەوێت کچەکەی بباتەوە بۆ باکوری کوردستان و لەوێ بە ئارەزووی خۆی بیدات بە شوو ، بەڵام کچەکە وەك ساکارترین مافی مرۆڤایەتی ، ئەوەی ناوێت و نایکات. ئەمە بەشێکی (بچوك)ی دراماکەیە کە هێشتا لە سەرەتایدایە و کەس نازانێت کەی و چۆن تەواو ئەبێت! چونکە سێ ساڵ لەمەوبەر دایکی ئەم کچە جیابووەوە لە مێردەکەی و پاش چەند مانگێك کوڕە گەورەکەی خۆی بەر چەقۆی دا و کوشتی! وا ئێستاش باوکە (قارەمانەکە) ئەیەوێت کچەکەشی بە کوشت بدات بە کوڕی دووەمی ، هەروەك خۆی لە دادگادا وتی:

( دایکی قەحپە بوو بۆیە بە سزای خۆی گەیشت ، ئەمیش کچی ئەوە بۆیە ئەبێت بە سزای خۆی بگات). ـ داوای لێبوردن ئەکەم لە نوسینەوەی قسەکانی ئەم پیاوە قارەمانە ـ .

بەڵێ .. ئەمە و هەزاران کارەساتی تری ڕۆژانە کە لە خێزانە کوردەکاندا ڕووئەدەن ، واقیعێکی تاڵە و ناکرێت خۆمانی لێ بشارینەوە! ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە جەرگبڕانە و بە کردەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە گەورانە بدەین و بوێرین باسی هۆکان و چارەسەرکردنیان بکەین.

# ئایا ئازاردان و کوشتنی ئافرەت یەکێکە

# لە خەسڵەتەکانی دابونەریتی کوردەواری ؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە ئەوروپا ئاڕاستەمان ئەکرێت لەلایەن دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆڕوکۆمەڵە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە کەسانێکی ناشارەزا و بێگومان کەسانێکیش بە مەبەست! وەڵامی ناتەواو و شێواوی ئەم پرسیارە ئەدەنەوە و کێشەکە ئەوەندەی تر ئاڵۆز ئەکەن! .

هەندێك لایان وایە کە ئەوە کلتورەکەی ئێمەیە ئازاردان و کوشتنی ئافرەت بە ڕەوا ئەبینێت! بەڵام لە ڕاستییدا ئەو جۆرە بۆچوونە تەواو نیە ، چونکە کلتوری هەموو گەلان کەم یان زۆر کاریگەرییان لەسەرە لەلایەن کلتوری ترەوە.

کلتوری ئێمەش بمانەوێت و نەمانەوێت ، کاریگەرییەکی بەرفراوانی گەلانی داگیرکەری کوردستانی لەسەرە و لە جەوهەریشدا ئایین چەندان کون و کەلەبەری لە کلتورەکەماندا دروست کردووە.

– ئایا لە هەموو مێژووی کورددا ، پێش ڕاپەڕین (لێرەدا کە ئەڵێم ڕاپەڕین ، تەنیا مەبەست لە قۆناغێکە لە مێژووی گەلەکەماندا ، نەك شتێکی تر) ، بیستراوە کە لوت و گوێی ئافرەتێك بڕابێت؟

– ئایا لە هەموو مێژووماندا ئافرەتێك زیندەبەچاڵ کراوە و مناڵیشی لە سکدا بێت؟

– ئایا لە تەنیا کوێرەدێیەکی کوردستاندا ئافرەت ئەتککراوە و (ڕەجم) کراوە؟

– ئایا لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی کورددا ، وەك لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا ، نزیکەی دوو هەزار ئافرەت کوژراوە و (بە خۆسوتاندن) دراوە؟ هەروەها هەزاران پرسیاری تری لەم جۆرە...؟

نەخێر .. مێژووی گەلی ئێمە و کلتورەکەی دورن لەم جۆرە تاوانانەوە ، ئەو ئازاردانەی ئافرەت خەسڵەتێکی کلتوری گەلانی داگیرکەری کوردستانە کە سەپاندوویانە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا و بە گوێرەی ئایەتەکانیشیان ، پیاو مافی (تەئدیب) و (بوغزاندن) و لێدانی ئافرەتی هەیە ، ئەگەر لە (ئامۆژگاریی) و قسەی دەربچێت و (کاری ناڕەوا) بکات! ! !.

دیاردەی فرەژنیی مەگەر کەسانێك نەفام بن و نەزانن ئەوە درکی کام کلتورە لە باخی کلتورەکەی ئێمەدا ، هەر وەك دوو ئافرەت بە شاهیدێك ژماردن و عەبا و پەچە و ژن بە ژن و ژنهێنانی کاتیی (سیغە) و هەزاران دیاردەی تر کە لە نزیك و دورەوە ئاشنایەتییان نیە و نەبووە لەگەڵ کلتوری گەلی کورددا.

لەدوای ڕاپەڕینەوە و کزبوونی ڕۆحی نیشتمانپەروەریی و شەڕوشۆڕ و کوردکوژیی .. دیاردەی سەرهەڵدانی کۆڕوکۆمەڵە ئیسلامییەکانیش پەیدا بوو!

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردەکانی جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی کورد ، پیاوانی ئایین بوون ، بەڵام لەو مێژووە درێژە پڕ شانازییەی خەباتدا ، تەنیا ڕێکخراوێك دروست نەبوو لە کوردستاندا لەسەر بنەمای ئایین.

پێشەوای نەمر قازی محەمەد کە گەورەپیاوێکی ئایین بوو ، لـەگەڵ ئەو بارودۆخە (دواکەوتوویەی) کوردستانیشدا ، حیزبێکی دیموکراتی دروستکرد ، نەك ڕێکخراوێکی ئایینی!!!.

بەڵێ .. لـەبەرئەوەی کە لـە ئایینی ئیسلامدا نەتەوە نیە! حیزب هەر حیزبی خوایە! پەیڕەو و پرۆگرامیش قورئانە و بە عەرەبیی نوسراوە نەك کوردیی!!! و ناشبێ وەربگێڕرێت!.

کەواتە ئەوە کلتوری داگیرکەرانی کوردستانە کە ئەو چەند گۆشە تاریکەی دروستکردووە لـە کلتورەکەی ئێمەدا.

شێخ ئەحمەدی بارزان .. خودان بوو ، واتە گەورەپیاوی ئایین و باوکی ڕۆحیی بارزانیان بوو ، بەڵام لـە ژیانیدا داڵدەی سەدان کوڕ و کچی عاشقی داوە کە (ڕەدووکەوتوون)!.

ئەوانەی پەنایان بۆ شێخ ببردایە ، ئەپاراستن و ژیانێکی هاکەزاییشی بۆ دابینئەکردن و کێشەکەشی لـەنێوان کەسوکاری کچە و کوڕەدا چارەسەر ئەکرد!!.

حەپسەخانی نەقیب کە لـە گەورەترین بنەماڵـەی ئایینیی ناوچەی سلێمانی بوو ، داڵدەی دەیان ئافرەتی داوە کە لـەبەر بەزۆر بەشوودان و لـەپێناوی خۆشەویستییدا پەنایان بۆ بردووە ، هەروەها عادیلـە خانم و خانزاد و .. تد.

بەڵێ .. ئەوانە و سەدانی وەك ئەوانیش پیاوانی ئایین بوون ، بەڵام وەك کورد بیریان کردووەتەوە و لـەبەر ڕۆشنایی کلتورەکەی خۆیاندا بڕیارەکانیشیان داوە ، بۆیە بەو شێوەیە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە.

هەروەها ئەگەر سەیری دابونەریتی کاکەیی و هەقەیی و یەزیدییەکان و ناوچەکانی هەورامان و سەردەشت و ئالان بکەین ، ئەوا زۆر لـە خەسڵـەتەکانی کلتوری ڕەسەنی کورد ئەبینین کە هێشتا کلتوری بێگانە زاڵ نەبووە بە سەریاندا ، بە تایبەتیی ئەوەی پەیوەندیی بە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی ئافرەتەوە هەیە.

لـە هەندێك ناوچەی کوردستاندا نەك هەر کچ ، بەڵکوو ژنی مێردداریش ڕەدووئەکەوێت و کەم جاریش بە کارەساتی گەورە کۆتایی دێت! هەرچەندە ئەمەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نادروست و ناقۆڵایە ، بەڵام لێرەدا تەنیا مەبەستم لـەوەیە کە کلتوری ئێمە ئەوەشی تیادایە کە تەواو پێچەوانەی ئایین و کلتوری گەلانی داگیرکەرانی کوردستانە!.

لـە سعودیەی مەڵبەندی ئیسلامدا.. تا ئێستاش ئافرەت پێناسەی مرۆڤی نیە! بە کوردییەکەی خۆمان (دەفتەرنفوس و تەزکەرەی نیە) ، وا چاوەڕوان ئەکرێت ئەم ساڵ دەفتەرنفوسیان بدرێتێ ، بە قسەی ئەمیر عەبدوڵا کە بە (ڕیفۆرمیست) ئەژمێررێت!!!.

لـە دەیان وڵاتی عەرەبییدا ئافرەت مافی دەنگدانی نیە! لـەو هەموو بەناو پەرلـەمانانەی کەنداو و وڵاتانی عەرەبیی و حکومەتەکانیاندا ئافرەتێك نابینرێت!!!.

بەڵام کورد هەرچەندە تەنیا جارێك لـە مێژوویدا هەڵبژاردنی گشتیی کردووە و لـە بەشێکی خاکی داگیرکراویدا ، ئەو جارەش ئافرەت مافی دەنگدانی هەبووە و لـە پەرلـەمان و (جوتە حکومەتەکەشیدا)! کارئەکەن و لـەم دواییەشدا ئافرەتێك بوو بە دادوەری شاری دهۆك ، کە تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە لـە وڵاتانی داگیرکەرانی کوردستان و تەواوی ناوچەکە و دنیای ئیسلامییشدا.

ئەگەر لـە کلتوری گەلانی داگیرکەری کوردستان و دەوروبەرەکەماندا دوو ئافرەت لـە دادگادا بە شاهیدێك بژمێررێن ، ئەوا ئەبێ هەر بەو پێیەی ئەوان چوارهەزار ئافرەت ئینجا بە دادوەرێك بژمێررێن!.

کەواتە کلتوری کورد دورە لـە زۆر لـەو دیاردە (تاریکانەی) کە بەزۆر سەپێنراون بە سەریدا ، ئەوانەی تۆزقاڵێك ویژدانیان هەبێت ، ناتوانن نکۆڵیی لـەوە بکەن کە ڕژاندنی تێزاب بە گیانی کیژۆڵـەی کوردستاندا و دواکەوتنیان بە ناو بازاڕەکاندا و (هوها هوها) لێکردنیان! نامۆیە بە کلتوری کوردەواری. لـەگەڵ ئەوەشدا کە هەموومان باش ئەزانین ئەو دیاردانە نامۆن بە کلتوری ئێمە ، بەڵام ڕۆژانە لـەلایەن پیاوی کوردەوە پەیڕەو ئەکرێن!

لە ڕاستییدا ئەمەیان پیاوسالارییەکەیە کە هێشتا پیاوی کورد لەژێر کاریگەرییدایەتی و زۆربەی ئەو کەسانەی کە تاوانی هەمەجۆرە ئەکەن بەرامبەر بە ئافرەت ، بە گشتیی (خوێنەوارن) و کەسانێکن کە کەمتر باوەڕیان بە دابونەریتی کۆن هەیە! بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆیان پەنا ئەبەنە بەر ئایین و ئەیانەوێت وا پێشانبدەن کە ئەو کردەوانەیان بەشێکە لە کلتورەکەمان!.

گومان لەوەدا نیە کە ڕۆشنکردنەوەی ئەو گۆشە تاریکانەی ناو کلتورەکەمان کە هی خۆمان نیە ، تەنیا بە (ڕۆشنبیرانی کورد) ئەکرێت ، دەرکردنی ئەو دیاردە ناقۆڵایانە لە کلتورەکەمان ، بەوە ئەبێت کە هەر ڕۆشنبیرێك لە خۆی و خێزانی خۆیەوە دەست پێبکات.

کەواتە نابێت ئێمە گلەیی و ڕەخنەمان ئاڕاستەی کۆنەپەرست و دواکەوتووان بکەین ، چونکە هیوامان بەوان نیە کە کلتوری گەلەکەمان پاك بکەنەوە و دەوڵەمەندی بکەن! بۆیە ئەبێت گلەیی و ڕەخنەمان لە ڕۆشنبیران بێت ، چونکە هەر ئەوانن مێژووی مرۆڤایەتی ئەگۆڕن و بەرەوپێشەوەی ئەبەن.

لە کوردستاندا دەیان کۆڕوکۆمەڵی سیاسی هەیە ، کۆمونیست ، کرێکار ، کارگەر ، کار ، سەربەخۆیی ، ئازادیی ، ڕزگاریی ، دیموکرات ، دیموکراتخواز ، سۆشیالیست ، سۆشیالدیموکرات ، زەحمەتکێش ، ڕەنجدەر ، چەوساوە و دەیان ناو و زاراوەی تری لەو جۆرانە و دەیان کۆڕوکۆمەڵی پاشکۆیان بەناوی ئافرەتان ، لاوان ، قوتابیان و ..تد.

ئەمانە تێکڕا پڕوپاگەندەی دیموکراتیی و یەکسانیی و (شتی) لەو جۆرە ئەکەن! بەڵام کەم لە سەرۆك و بەرپرسانی ئەو کۆڕوکۆمەڵانە هەن کە زیادتر لە ژنێکیان نەبێت! خۆ ئەگەر تەنیا ڕێژەیەکی کەمی سەرکردە و کادێرانی ئەو لایەنانە ، پەیڕەوی بەشێکی بچوکی ئەو پڕوپاگەندانەی خۆیان بکەن! ئەوا گۆڕانکارییەکی مەزن لە کۆمەڵگای کورددا ڕووئەدات.

لە هەموو کوردستاندا تەنیا ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ئافرەتان نیە! ئەوانەش کە ئەمڕۆ هەن ، هەر بە عەقڵییەتی پیاوی کورد بیرئەکەنەوە و پەیڕەو و پڕۆگرامیان بەگوێرەی (لەبەرچاوگرتنی) ئایینەکە دائەڕێژن!.

بەڵێ .. هەڵوەراندنی ژەنگی کلتورەکەمان و شکاندنی ئەو قاڵبەی کە بەزۆر تێیخزێنراوە ، ئەرکی ڕۆشنبیرانی کوردە نەك کۆنەپەرست و دواکەوتووەکانی. کاتێك کە قسەش دێتە سەر ڕۆشنبیریی ئەوا کەم کەس خۆی لەو توێژەدا نابینێتەوە! بەڵام بە کردەوەش ئەوەیە کە حاڵی گەلەکەمان بە چاوی خۆمان ئەبینین!.

ئەوەی ئەبێت ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی کورد هەرسی بکەن ، ئەوەیە کە ئەم قۆناغەی مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە گۆڕانکاریی و لەناوچوونی (شتی) کۆن و هاتن و پەیدابوونی (شتی) نوێ و تا ئێستا هیچ قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتی بەم شێوەیە ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕانکاریی نەبووە.

پێشکەوتنی بێسرەوتی تێکنۆلۆجیا و مەرجە نوێیە سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی ، خۆی ئەسەپێنێت بەسەر زۆربەی گەلاندا و بێ ئەوەی پرسیش بە کەس بکات!. ئەوەش کە ئاشکرایە ئەوەیە کە پێشکەوتن هەر بە تەنیا خۆی نیە لەم گۆڕەپانەدا ، بەڵکوو لە دەستەویەخە و بەرەنگاربوونەوەیەکی تونددایە لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕێسا و یاسا کۆنەکان و تێکڕای ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە و ئایینەکاندا.

زۆربەی یاسا و ڕێسا هەمەجۆرەکانی ئەوروپا زیادتر لە بیست ساڵ بڕناکەن! کۆن ئەبن و بەگوێرەی سەردەم ئەگۆڕڕێن ، بەڵام زۆربەی پیاوانی پەنابەری خۆرهەڵاتیی و لەوانیش کورد! ئەیانەوێت بە عەقڵییەت و ڕێسا و یاسای هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەرەوە ئا لەم ئەوروپایەدا ژیان ببەنەسەر و گۆشە تاریکەکانی کلتورەکانیان لەناو ئەم ڕۆشناییەی ئەوروپادا بشارنەوە و هەروا بە تاریکیی بیهێڵنەوە!!.

کەسانێکیش هەن کە پاکانە ئەکەن بۆ ئەو لاپەڕە ڕەشانەی کە بووە بە ماڵ بە سەر کلتورەکەمانەوە و زۆر بە پەرۆشەوە باسی ئەوە

ئەکەن کە لـە ئەوروپاش ئازاردان و کوشتنی ئافرەت و سوکایەتی پێکردنیان هەیە و ئامارەکان ئەوە پێشانئەدەن کە ڕۆژانە هەزاران ئافرەت لـە وڵاتانی خۆرئاوادا بە شێوەی جۆراوجۆر مافیان پێشێل ئەکرێت!.

بێگومان کەس نکۆڵیی لـەوە ناکات. لـە سوید ساڵانە 16 ئافرەت ئەکوژرێن لـەلایەن کەسی خۆیانەوە! لـە فینلاند 26 ئافرەت! گومان لـەوەدا نیە کە لـە وڵاتانی تری خۆرئاواش هەر بە هەمان ڕێژەیە ، بەڵام جیاوازییەکە لـەوەدایە کە پیاوی ئەوروپایی ئەزانێت کە بەو جۆرە کردارانەی کارێکی نایاسایی ئەکات و سور ئەزانێت کە تاوان ئەکات و سزائەدرێت ، بەڵام لـە هەمان کاتدا پیاوانی خۆرهەڵاتیی و ئیسلام ئەو کردەوانە بەرامبەر بە ئافرەت بە ناڕەوا و تاوان نازانن!!! بەڵکوو بەگوێرەی یاسا و (شەرع) مافی ڕەوای خۆیانە و ئافرەت بەشێکە لـە ماڵ و سامان و (شەرەفەکەی) و مافی لـێدانی هەیە!!!.

ئەو ئامارانەش کە لـە ئەوروپادا ئەکرێن بە گشتیی لـە ئەنجامی ئەوەدایە کە ئافرەت تا ڕادەیەکی باش ئازادیی هەیە ، بۆیە وا بە ئاسانیی ئەتوانێت شکات بکات و لـە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کێشەکانی بڵاوبکاتەوە ، بەڵام ئایا ئەو ئازادیی و دەرفەتانە بۆ ئافرەتانی کوردستان و تەواوی ناوچەکە هەڵکەوتووە؟؟؟.

بێگومان ئەگەر ئافرەتانی وڵاتە ئیسلامییەکان وەك ئافرەتانی ئەوروپا ئەو دەرفەتی شکاتکردنەیان هەبێت و دامودەزگا دەوڵـەتیی و جەماوەرییەکان دەرگایان بۆ بکەنەوە بۆ گلـەییکردن و ڕازدەربڕین و شکاتکردن! ئەوا کار لـە ئامار و ژماردن و ماتماتیکیش دەرئەچێت و ماڵ نامێنێت کە ڕۆژانە دەیان شکات تۆمارنەکات لـە سەر (نێرینەکانی) خێزانەکەی!.

بەگوێرەی ئامارە (ڕەسمییە دەگمەنە باوەڕپێنەکراوەکانی) پاکستان کە سێیەم گەورە وڵاتی ئیسلامییە ، هەر دوو کاژێر جارێك دەستدرێژیی جنسیی لـە ئافرەتی (نابالـغ) ئەکرێت! ئەی ئەبێت حاڵی ئەوانی تر چۆن بێت و جۆرەکانی تری پێشێلکردنی مافی ئافرەت چۆن بێت!.

بە هەر حاڵ .. کلتوری کوردیش بێخەوش نیە ، هەر وەك هەر کلتورێکی تری ئەم دنیایە ، بەڵام کوشتنی ئافرەت زادەی کلتورەکەی خۆی نیە و کلتوری گەلـێکی ترە و بە نوکی شمشێر ئاخنراوەتە ناو کلتورەکەمانەوە و ئەو پیاوە کوردانەی کە بەو تاوانانە هەڵـئەستن ، ئەبێت وەك تاوانبارێکی دڕندە سەیربکرێن و مامەڵـەیان لـەگەڵـدا بکرێت! نەك بەناوی کلتورەوە بشارڕێنەوە ، یان کەمترین سزابدرێن! ئەوانە میکرۆبن و کۆمەڵگاکەمان بۆگەن ئەکەن.

گومانیش لـەوەدا نیە کە ئاشتیی و تەبایی و دیموکراتیی لـە کوردستاندا زامنی زۆر گۆڕانکارییە و مێژووش سەلماندوویەتی کە گەلـی ئێمە زیادتر لـە زۆربەی گەلانی ناوچەکە ، عاشق و ئامادەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە و لـەم ماوەیەشدا چەندان یاسای کۆمەڵایەتی دەرچووە لـە باشوری کوردستاندا کە (بە تیۆریی) لـەبەرژەوەندی ئافرەتانە ، بەڵام (بە کردەوە) ئەمێنێتەوە ئەوەی تا چ ڕادەیەك ڕۆشنبیران و بەرپرسانی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و دامودەزگاکانی کوردستان کارئەکەن بۆ سەرخستنیان و پەیڕەوکردنیان!.

کلتوری کورد پڕە لـە ڕۆمان و بەسەرهات و ئەفسانەی خۆشەویستی و دڵگەورەیی و دڵسۆزیی و لـێبوردن ، بەڵام لـەم ساڵانەی دواییدا نەبێت ، کوشتنی ئافرەتی بەم شێوەیەی ئەمڕۆی بە خۆیەوە نەبینیوە و ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ بۆگەنبوونی کەش و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و زاڵبوونی دەسەڵاتی ئیسلامیی و داگیرکەرانی کوردستان ، لـە ئەنجامی کەلـێنی گەورەی ناو سیاسەتی کورد خۆیدا.

مەهاتما گاندی کە دەستی بە شۆڕش کرد ، تا مردیش هەر کەلوپەلـی خۆماڵیی ئەپۆشی ، هیچ شتێکی بەکارنەهێنا و سودی لـە هیچ شتێك نەبینی کە تۆزقاڵێك پەیوەندیی بە ئینگلیزی داگیرکەری وڵاتەکەی و کلتورەکەیەوە هەبوو!.

ئایا تاوانە چەند گاندییەکیش (لـە ڕووی کلتورەوە) لـە کوردا هەڵبکەوێت؟